# ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا
# «بە نموونە لە گۆڤاری نووسەری کوردستاندا»

دڵشاد عەلی محەمەد [١]، نەوزاد عەلی ئەحمەد [٢]
[١،٢] بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: dr.dalshad@yahoo.com

## پوختە – ملخص

ئایکۆن بە تەنیا و شیعری بەرەنگاریش بە تەنیا باس و بابەتیان لە جیهان لەسەر نووسراوە، بەڵام بۆ زاراوەی «ئایکۆنی بەرەنگاری» وەک یەک زاراوە باسێک نەکەوتۆتە بەرچاومان. لەناو کورددا زیاتر کار لەسەر شیعری بەرەنگاری کراوە.

ئەم بابەتە، دابەشی دوو بەشکراوە، لەبەر گرنگی زاراوەی ئایکۆن و ئایکۆنی بەرەنگاری، بەشی یەکەمی بابەتەکەی بۆ تەرخانکراوە، بەشی دووەم، بەشێکی پراکتیکییە و نموونەی شیعرەکان لە گۆڤاری نووسەری کوردستان وەرگیراون، ئەم گۆڤارە لە شاخ لە سەنگەری پێشمەرگەدا لەنێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٩١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مفردة أيقونة المقاومة، لم يتم التداول بها، لا في الأدب الكردي ولا حتى في الأدب العالمي أو أدب الدول المجاورة أيضاً، حيث تم تداول المفردتين كل على حدة في الأدب العالمي. لكن مفردة «أيقونة المقاومة» كمفردة لوحدها لم نعثر عليها، حيث تداول الكُرد مفردة شعر المقاومة أكثر.

هذا الموضوع، تم تقسيمه إلى قسمين، ويتناول القسم الأول أهمية مفردة الأيقونة وأيقونة المقاومة. أما القسم الثاني، فهو يتناول بعض النماذج الشعرية من مجلة (نووسەری كوردستان)، هذه المجلة كانت في تصدر وتطبع في الجبل وفي خنادق البيشمركة من سنة ١٩٨١ وحتى ١٩٩١.

**وشە کلیلییەکان( ئایکۆن، بەرەنگاری، ئایکۆنی بەرەنگاری، شیعر، نووسەری کوردستان)**

## Abstract

So far, the term resisting icons of has not been touched on either in Kurdish literature or in world literature. There are studies dealing with the term icon and others that deal with the term resisting poetry at the global level, but the resisting icons as a term has not yet been touched upon, and what the Kurdish literature has dealt with in this regard is the resisting poetry.

This research is divided into two parts. The first part has been devoted to the terms icon and resisting icons, while the second part is a practical study that includes some poems taken from the journal «Nusari Kurdistan” published during the armed struggle in the mountains from 1981 untill 1991.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| رێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٢/٢٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | dr.dalshad@yahoo.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد ، نەوزاد عەلی ئەحمەد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پێشەكی

ساڵی ١٩٨٠ بە گوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسییەکان، دەرگای یەکێتیی نووسەرانی کورد داخراو و پێویست بوو بچنە نێو یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی وڵاتی عیراق. هەر ئەوکاتە لە شاخیش کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیبی پێشمەرگەی یەکێتی نیشیمانیی کوردستان بنکەی نووسەری پێشمەرگەیان دامەزراندبوو، هەروەها گفتوگۆ گەرم بوو بۆ دامەزراندنی یەکێتییێک بۆ نووسەران بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.

دەستەی بەڕێوەبەر و لقەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٣ لە ململانێی مان و نەماندابوون، تا ساڵی ١٩٨٣ بڕیارەکە کەوتە بواری جێبەجێکردن و یەکێتییێک نەما بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەعس لە یەکێتییە عیراقییەکە نووسینگەیەکی کردەوە بەناوی نووسینگەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی وڵاتی عیراق. نووسەرانی پێشمەرگە وەک وەڵامێک بۆ بڕیارەکەی بەعس ساڵی ١٩٨١ لە شاخ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان-یان دامەزراند، ناویان لە گۆڤارەکەشیان نا گۆڤاری نووسەری کوردستان و لە ماوەی ١٠ ساڵدا، لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١ هەژدە ژمارەی لێدەرچووە. لە کاتی پۆلێنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەو گۆڤارە دەچێتە خانەی ڕۆژنامەگەریی نهێنییەوە.

لەم بابەتەدا توێژینەوە لە بابەتێک دەکرێت هەم وەک زاراوە، هەم وەک سەرچاوەی پراکتیکی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، ئایکۆن بە تەنیا و شیعری بەرەنگاریش بە تەنیا باس و بابەتیان لە جیهان لەسەر نووسراوە، بەڵام بۆ زاراوەی «ئایکۆنی بەرەنگاری» وەک یەک زاراوە باسێک نەکەوتۆتە بەرچاومان. لەناو کورددا تەنیا کار لەسەر شیعری بەرەنگاری کراوە.

ئەم بابەتە، دابەشی دوو بەشکراوە، لەبەر گرنگی زاراوەی ئایکۆن و ئایکۆنی بەرەنگاری، بەشی یەکەمی بابەتەکەی بۆ تەرخانکراوە، بەشی دووەم، بەشێکی پراکتیکییە و نموونەی شیعرەکان لە گۆڤاری نووسەری کوردستان وەرگیراون، ئەوەی گرفتی سەرەکی بوو، پێناسە و دۆزینەوەی سەرچاوە بوو بۆ زاراوەی ئایکۆن و بیروڕای توێژەران لەو بارەوە، گرفتی دووەم بەدەستخستنی هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤارەکە بوو، کە بەداخەوە زۆربەی دانەکانی فەوتاون و تا ئێستاش چاپنەکراونەتەوە.

## بەشی یەکەم

## ئایکۆن و ئەدەبی بەرەنگاری

### ئایکۆن Icon

وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبی و فەلسەفی و فیکرییەکانی تر، ڕەگوریشەی زاراوەی ئایکۆن ICON بۆ ڕۆژگاری گریکەکان دەگەڕێتەوە، لە لای گریکەکان بە واتای وێنە دێت «EIKWV». لە کۆندا ئایکۆن زیاتر وەک هێما و نیگارێکی ئایینی خۆی دەنواند و لە پەرستگاکان دەبینرا، بەڵام هەر تەنیا لە نیگار و وێنەدا سنووردار نەکرا، بەڵکو زاراوەی نووسینی ئایکۆنیش پەیدا بوو وەک جێگرەوەیەک بۆ وێنە و نیگاری ئایکۆنی. بۆ نموونە لە ڕۆژگاری قەدیس یوحەننا مەکسمۆڤیچ ئایکۆن لە نێوان هێما و نیگار و وشەدا تێکەڵاوکرابوو. iconography لە دوو بەش پێکهاتووە ICON بە واتای نیگار و graphy بە واتای دەنووسین دێت(dictionary.cambridge.org/dictionary/english/ iconography). لاهوتییەکان بە حاڵەتێکی بیرناو سەیری ئایکۆنەکانیان دەکرد، ڤلادیمیر لوسکی Vladimir Nikolayevich Lossky پێی وایە ئایکۆن یەکەمین پلەیە لە پلەکانی مەلەکوت. نیگار و نیگارکردن و لێکدانەوە و شیتەڵکاریی و خاوەنداریتی بۆ ئایکۆن بە گوێرەی کاروانی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە جۆرەکانی ئایکۆن و ڕوحداری لە پەرستندا لە سەدەی دووەمی زایندا بەراورد بە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی قۆناغە ڕوحییەکەی لە ژیانی مرۆڤدا، خوێندنەوەی دیکەی بۆ کراوە.(monoskop.org/Vladimir_Lossky).

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد (٢٠٠٠, p: ٦٤٢ Oxford ) ئایکۆن بەم واتایە هاتووە: « لە بواری کۆمپیوتەردا؛ سمبۆلێکی بچووکە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا و گوزارشت لە بەرنامە یاخود فایلێک دەکات. کەسێک یان شتێکی بەناوبانگە، کە خەڵک پێیەوە سەرسام بن و وەکو هێما سەیری بکەن، کە گوزارشت لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو دیاریکراو، شێوازێکی ژیان.. تاد بکەات. وێنە یا پەیکەری کەسێک بە پیرۆز دابدرێت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەڵام لە لە فەرهەنگێکی فەرەنسیدا بەمجۆرە پێناسەی ئایکۆن کراوە «١- لە زمانی فەرەنسی ikona –ە، ئەویش لە زمانی یۆنانی بێنەزنتین eikon و ikona واتە ئاماژە، وێنە. لە فەرەنسی کۆن icoine واتە ئاماژە، وێنە. لە کڵێسەی رۆژهەڵات ئەو وێنە و ئاماژە ئاینیانەن لەسەر تەختەدارێک دروست دەکرێت، ئایکۆنی بێزەنتین. ٢- ساڵانی ١٩٨٠ -١٩٩٠ لە زمانی ئینگلیزی لە وشەی icon وەرگیراوە . واتە بابەتگەلی گرافیکین، بە شێوەی هێما یان وێنەی ئاگادارکردنەوە لەسەر شاشە پێناسی پرۆگرامێک یان بەرچاوخستنێک یاخود داوایەک نمایش دەکات ( Reg, ٢٠٠٥, p١٧٨) بەڵام لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە تایبەتیش لەم فەرهەنگانەدا الوسيط، الرائد، لسان العرب، المحيط، پێناسەکان لەیەکتر نزیکن، تا هەست دەکرێت، چەند فەرهەنگێک واتا و پێناسەکەیان لەبەر یەکتر گرتوتەوە، عەرەب بە ئایکۆن دەڵێن (ایقونة. ئایکۆن پەیکەرێکی بچووکە بۆ کەسایەتیێکی ئایینی مەبەستی پیرۆزراگرتنە، یاخود بەرگێکی بچووکە لە زێر یان زیو درووستکراوە، زەخیرەی قەدیسەکانی تێدا دەپارێزرێت. وێنەیەکی قەدیسە لە لای کریستینەکان یاخود پەیکەرێکە بۆ کەسایەتیێکی ئایینی کە شایان بە پەرستنە. لە لای نەسرانییەکانیش نیگارە، لەسەر دار یاخود ئاسن نوێنەرایەتی دیمەنێکی ئایینی دەکات. لە فەرهەنگی المنجد نووسراوە «ایقونة واتە وێنە و پەیکەر لە عەرەبیدا بە واتای النصمة دێت»( ١٩٥١،ل٢٠). سەرچاوەیەکی تر بەم شێوەیە باس لە ئایکۆن دەکات؛ «وشەی ئایکۆن لە بنچینەدا گریکییە و لە eikenai هوە هاتووە، کە بە مانای «هاوشێوەیی» یان «وەکو» دێت. لە هەندێ ئایندا پێگەی کەسایەتییە ئاینییەکان بە ئایکۆنێك گوزارشتی لێوە دەکرێ. دەشێ ئایکۆن وەسف بێ بۆ کەسێك، کە پەیوەندیی بە بیرۆکەیەکەوە هەیە. بۆ نموونە مەهاتما غاندی وەکوو ئایکۆنی ئاشتی و مرۆڤایەتی رێز و شکۆی پێ دەدرێ، لە کاتێکا ئەدۆڵف هیتلەر وەکوو ئایکۆنی توندوتیژی و رق و کینە سووك دەکرێ»(vocabulary.com/dictionary/icon).

ئەگەر ئایکۆنەکانی رۆژهەڵات وەربگرین، میسر دەبێت بە مەڵبەندێکی دەوڵەمەند، «کڵێسەی قبتی گرنگی بە ئایکۆن داوە. ئایکۆن هونەرێکی قبتیە لە رێگای مەسیحییەکانەوە لە سەدەی یەکەمی زاینی قبتییەکان بەرهەمیان هێناوە، تا ساڵی ٦٤١ کە عەرەب چوونەتە میسر، تا ئێستاش ئایکۆن لە کلێسەکاندا هەیە. بۆ بینەر کۆمەڵێک واتای جوان دەدات بۆ سەرنجراکێشانی عەقڵی مرۆڤ کە سەردانی کلێسە دەکەن. قبتیەکان شەهید وەک قارەمان یان سوارچاکێک پیشان دەدەن، کە سواری ئەسپێک بووە و شمشێرێکی بەدەستە یاخود قەڵغانێک بۆ ململانێ لەگەڵ دوژمندا. ئایکۆن بەرهەمی داهێنانی رۆشنبیریی مرۆڤە»)الملاخ، الهلال، يناير ٢٠٢٠، ل١٨٠ تا ل ١٨٢) هەروەها هاتووە:»ئایکۆن دەقاودەق بریتیە لە وێکچوون و نوێنەرایەتیکردن»(الملاخ، الهلال، يناير ٢٠٢٠، ل ١٨٣). کە ئەمەیان بۆ بواری پراکتیکی لە ئەدەبدا گرنگە.

ئەو زاراوەیە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیادا، واتا و هێماگەریی نوێ بەبەرا کراوە، لە جیهانی کۆمپیوتەردا، وێنەیەکی بچووک یاخود هێمایەکی بچووکە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا کە ئاماژەیە بۆ کلیک کردن تا زانیاری بە بەرامبەر بدات، هێمای تریش هەیە کە شوێنی دیسک، فایل یان زانیاری دەبەخشێت.

دوای گەڕان و پشکنین و سەیرکردنی کۆمەڵێک فەرهەنگی کوردی، لە هیچێکیاندا ئەم زاراوەیە دانەندراوە و باس نەکراوە، لەو حاڵەتەدا باشترین کار گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبیاتی لاتینی بەتایبەتیش لە بوارە فەرهەنگیەکەیدا، بەکارهێنانی زاراوەی (ئایکۆن) لە زمانی کوردیدا بە گونجاو دەزانم، چونکە ئایکۆن نیگار و وێنە و شێوەکارییەکی رووت نیە، بەڵکو کارێکی زیهنی روحییە و هەر ئەو حاڵەتەشە لە شێوەکارییەکی رووت و ئاسایی جیایدەکاتەوە، دەکرێت ئێمەش وەک زۆربەی گەلانی جیهان هەمان زاراوە بەکاربهێنین.

## ئایکۆن و ئەدەب

بەهای ئایکۆنەکان لەوەدانیە، کە لە وێنە فۆتۆگرافییەکە بچێت، بەڵکو لە واتا روحییەکان و لاهوتییەت و نووسینەکان دایە. تابلۆی شێوەکاری، کارێکی هونەرییە و بە دیوارێک هەڵدەواسرێت و جوانی دەبەخشێت، بەڵام ئایکۆن تابلۆیەکی هونەری ئاینییە، بەڵکو تابلۆیەکە بۆ نوێژ و پەرستن و تێرامان و موناجات. ئەمە بەشێک بوو لە رای ئیماندارێ ئەرسەدۆکسی((localprayers.com/GR/Athens و خوێندنەوە و روانینیان بۆ ئایکۆن وکاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ. ئەی کەواتە ئەو هێزە روحییە لە دەقێکی ئەدەبی چ پیرۆزیی و چەشەیەکی گەرمی لە لای خوێنەردا هەیە؟ چەشە و دەق دوانەی تەواوکەری یەکترن، ئەگەر چەشە و کاریگەریی نەبێت، خوێنەر بارگاوی نابێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دەقدا و وەرگر رۆڵی ون دەبێت، بۆ ئایکۆنی ئەدەبیش ئەو کاریگەرییە زیاتر دەبێت، چونکە خاڵێکی گەرم هەیە، کە گەرمایی بە وەرگر دەدات بە تایبەتیش لە ئایکۆنی بەرەنگاریدا، کە پەیوەستە بە روح و پیرۆزیی بەرەنگاری و مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانیدان. ئا ئەمەیە جیاوازییەکان لەنێوان نیگارێکی رووت لە ئایکۆن و ئایکۆنی بەرەنگاری و دەقێک کە هەڵگری ئاماژەی بەرەنگاری بێت، بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە خەیاڵی خوێنەر بۆ دروشم و دروشمبازی لە دەقدا پەلکێش بکات، راستە دروشم بریتییە لە هێما یاخود ئاماژە و پەیامێکی ئاڕاستەکراوە بۆ جەماوەر، بەڵام پێویستە سەرەڕای لایەنە هونەرییەکە، سۆز و سەرنجدانی ئارەزوو هانبدات، چەشە و هونەرێکی جوان و باڵا بە خوێنەر بدات، نەک بەتاڵ بێت لە سەرنج و چەشە و ئارەزوو.

بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاماژە، پسپۆرانی بواری هونەرەکانی ئەدەب، لەگەڵ چەند زانستی تری وەک زانستی زمان و رەوانبێژی و شێوازی شیعردا سوودیان لەو میتۆدە وەرگرتووە )فیدح، ١٩٩٣، ل٧( ئەمە و ورتر لەمەش ئەم بۆچوونەیە کە لەسەر نوێنەرایەتی وەستاوە، «ئایکۆن ئاماژەیەکە خاوەنداریّتی لە تایبەتمەندییەکانی شتێک دەکات بە نوێنەرایەتی، واتە نوێنەرایەتی شتێک دەکات و لەسەر پرەنسیپی لێکچوون دەوەستێت، هەروەها ئایکۆن دەوەستێتەسەر پرەنسیپی لێکچوون. لە کاتی کارکردن لە دەق ئەدەبیدا دیسان دەکرێت بۆ ئەم بۆچوونەی پێرس بگەڕێینەوە و وای دەبینێت؛ ئاماژەی هەستی و ناهەستی بۆ دال و مەلول دابەش دەبن و بنیاتی دەلالی ئاماژەکان لە چوار رەگەز پێکهاتوون:» ١- ئاماژە نوێنەرایەتی شتێک دەکات، یاخود جێی دەگرێتەوە. ٢- ماددەی ئاماژە پێکراو، یاخود بابەت. ٣- شیکارکەر (المحلل)، واتە ئەوکەسەی هەست دەکات و ئاگای لە ئاماژەدا هەیە. ٤- رێگایەکی دیاریکراوکە پرۆسێسی کاری ئاماژە تەواو دەکات، پیرس ناوی ناوە؛ زەمینەسازی و بناغە»(محمد، الملتقى الاوطني الرابع «السيمياء و النص الادبي، ل٢).

## ئەدەبی بەرەنگاری ecnatsiser fo erutaretiL

سەرەتا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە جیاوازی کردنە لەنێوان هەردوو زاراوەی (بەرگری) و (بەرەنگاری)دا. وەک لە دامودەزگا حکومییەکانی باشووری کوردستاندا رۆیشتووە بەرگری بەرامبەر بە (دفاع) داندراوە، منیش پێموایە بەرگری بۆ دیفاع گونجاوە و بۆ مقاومة-ش زاراوەی بەرەنگاری شیاو وگونجاوە. بەڵام نووسەران و ئەدیبانی ئێمە بەرامبەر بە زاراوەی مقاومة خۆیان ساغ نەکردۆتەوە، چ زاراوەیەک بە کوردی بەرامبەری بەکاربهێنن. لە ئەدەبیاتی شاخدا زاراوەکانی بەرەنگاری یاخود بەرگریی بۆ مقاومة بەکارهێنراوە، دەکرێت هەر تەنیا بۆ نموونە سەیری ژمارەکانی رۆژنامەی بەرەی کوردستانی بکرێت. لە شاریش بەهەمان شێوە ئەو ئاڵۆزییە هەیە، جیاوازی لەنێوان دفاع و مقاومة نەکراوە. بۆ نموونە پێش زیاتر لە پەنجا ساڵ لەم گۆڤارەدا ئەم ناونیشانە نووسراوە، «بەرگریی ئەلەکتریک « بەرامبەر بە زاراوەی مقاومة (بەرگری)یان داناوە)قەرەداغی، زانیاری(گۆڤار)، ژمارە ٣، ١٩٧١، ل٩١(، بەڵام لەبابەتێکدا سەبارەت بە دڵداری شاعیر زاراوەی بەرەنگاری بۆ شیعرەکانی بەکارهێنراوە، ناونیشانی بابەتەکە بەمجۆرەیە»دڵدار شاعیری بەرەنگاری و شۆڕش»، ئەم چەند وشەیە وەک بەڵگە لەو نووسینە وەردەگیرین:» ئەو بانگەوازە گەرمانە بۆ کۆکردنەوەی لاوان و دابەزاندنیان بۆ مەیدانی خەبات پێویستی بە رێکخستن هەیە، چونکە کۆمەڵە و حیزبی خاوەن بەرنامەی روون و رەوان و زانستی دەتوانێ تێکۆشانی گەل رێکبخات و دەورێکی کاریگەر ببینێ لە گۆڕەپانی بەربەرەکانی و راپەڕینی شۆڕشگێرانەدا»(بیمار، ٢٠١٧، ل١٤٢).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە پێناوی باشتر وردبوونەوە و تێگەیشتن لە زاراوەی بەرەنگاری یاخود بەرگری لە بواری فەرهەنگییدا سەیری چەند فەرهەنگێکی جیاواز بە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی دەکەین لەم فەرهەنگەدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە؛ «پایداری: باشار، بەرقەراری، بەرگە، پایەداری، پشوودرێژی، تابشت، تابوشت، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خودداری، خۆڕاگرتن، خۆڕاگری، دامەزراوی، دەوام، راوەستاوی، سبات، سەبر، سەقام، لەسەرەخۆیی، ملەجیرۆکی، نەمری، وەرگە»(ئیبراهیمی، ٢٠١٢، ل٣٦٠). لێرەش بەم شێوەیە باسکراوە «مقاومت: بەرگری، بەرگەگری، خۆڕاگری، دەوام، راوەستاوی، مقاومت،١- باشار، باشارکردن، پشوودرێژی، پێ داگرتن، تاب، تابشت، تابوشت، تابهێنان، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خۆڕاگرتن، دەوام هێنان، دەربردن، رەختەیی، سووربوون، سووربیەی، سەبر، لەسەرەخۆیی، ملەجیرۆکێ، وەرگە، ٢- بەربەرەکانی، بەرەنگاری، ٣- بتەوی، گوریی، قایمی(ئیبراهیمی، ٢٠١٢، ل١٦٧٧). ئەمانەش لە چەند فەرهەنگێکی تر وەگیراون:»بەرگری: بەرگرتن. فارسی: دفاع» (هەژار، ١٣٦٨، ل٧٦). بەرەنگاری: بەرانبەری کردن، دەگژراچون. (فارسی: گلاویزشدن(هەژار، ١٣٦٨، ل٧٧).).»الدفاع: بە بۆر و گیراوی. لاڤاوی گەورە»(زیوەر، ٢٠٠٤، ل٢٢٢). «بەرگریی: بەرەنگاری بوونەوە»(موکریانی،٢٥٧٣(١٩٦١)، ل٧٦). «بەرەنگاریی: خەباتکردن»(«(موکریانی،٢٥٧٣(١٩٦١)، ل٧١). «الدفاع: ئەو رێگا و شێوازانەی بۆ پێشگرتن لە هێرشی دوژمن دەگیرێتەبەر»(لویس، ١٩٩٦، ل٢١٨). «بەرگری کردن: کاربەدەستانی پەروەردە و فێرکردن دەیانەویست قوتابخانەکە بگوێزنەوە خانووبەرە تازەکە، بەڵام منداڵەکان و دایک و باب‌ەکانیان بە توندی بەرگری یان دەکرد»(کاویان، ٢٠٠٠، ل٣٨). «مقاومت کردن: پایداری کردن در برابر، زندە ماندن، محکم گرفتن»(کاویان، ٢٠٠٠، ل٣٠٩). «بەرەنگاربوون: گەیشتنی دوو گیاندار بەیەک لووت و بزووت»(خال، ٢٠٠٥، ل٤٨). «بەرگریی: (١-بەر/ ٢- گر (گرتن)+ئی). پێش لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەیار و دوژمنان برینەوە، بەرامبەر دوژمن وەستان و خۆڕاگرتن (بە عەرەبی؛ دیفاع، مقاومە): وەزیری بەرگری. ئیستعمار و کۆنەپەرستان بەرگری نەتەوایەتی ئازادیخوازانەیان پێ ناکرێ»(زەبیحی، ١٣٤٧، ل٤١٣). «بەرگری: resistance (قەزاز، ٢٠٠٠، ل٩٣).» بەرەنگاری: meet/ encounter face- to- face»(قەزاز، ٢٠٠٠، ل٩٠).

لەم فەرهەنگە عەرەبیشدا، هەمان دەقە فەرەنسییەکە بە کەمێک دەستکارییەوە نووسراوەتەوە «وشەی بەرەنگاری لەگەڵ ئاگربەسی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٠ دەستی پێکردووە، کە جەنەراڵ دیگۆل لە بانگەوازەکەیدا داوای رووبەرووبوونەوەی نهێنی دژی داگیرکاریی ئەڵمانیای کرد. واتا ئەدەب، کە چەند ئەدیبێک بە بەرهەمەکانیان دژی داگیرکاری وەستانەوە. هەروەها بە واتای پەلهاویشتنی دەلالاتی فکری بەرەنگاری بۆ شێوە جیاوازەکانی بەرخۆدان»(ارون، ٢٠١٢، ل١٠٩٠)، بەڵام پێویستە بزانرێت»لە مێژووی مرۆڤدا لە کۆن و تازەدا، هیچ کارێکی ئەدەبی بەدەر نیە لە خاسیەتی بەرەنگاری»(شوكري، بە بێ، ل٧)، کەواتە ناکرێت کەلەپووری نەتەوەیی فەرامۆش بکرێت، کە پڕە لە نموونەی پاڵەوانێتی و ململانێ و بەرەنگاربوونەوە. هەر ئەدەبێک بچێتە خانەی بەرەنگارییەوە سێ رەهەندی هەیە»مرۆڤایەتی موتلەق، نەتەوەیی سنووردار، کۆمەڵایەتی کە سیغەی میللیی هەبێت»»(شوكري، بە بێ، ل١٦). ئەم رەهەندانە لە جەنگە گەورەکانی جیهاندا زیاتر رەنگی داوەتەوە، کە تەنیا بە کاری وەسف و تۆمار کردن نەوەستاوە، بەڵکو کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە.

ئەوەی تا ئێستا ئەوەی باسکراوە ئەو ئەدەبە لەناوجەرگەی جەنگ و شەڕدا سەریهەڵداوە و پێشکەوتووە «جەنگ چ ناوخۆیی یاخود دەرەکی، لە هەر کوێی دونیادا رووبدات، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە مایەی دروستبوونی وەرچەرخان. یەکێك لەم وەرچەرخانانە برییتیە لە گۆڕانی هزر و بیر. گرنگترین زەمینەی ئەم وەرچەرخانەش، گۆڕانکارییە لە هونەر و شێوازە جۆراوجۆرەکان بەهۆی جەنگەوە. ئەدەبیات و ئەدەبیاتی داستان، وەك لقێکی هونەر، لەم مەسەلەیە بەدەر نییە و بەهۆی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەسەلەی جەنگەوە. لە هەندێ لە قۆناغەکانی زمان و هەندێ زماندا، ئەدەبیاتی جەنگ لەدایك دەبێ، بەشێکیش لەم ئەدەبیاتی جەنگە، بە ئەدەبیاتی بەرەنگاری یاخود ئەدەبیاتی پایەداری ناودەبرێ(میرعلی، ششتمدی، ل١٥).

ژینگەی خەباتی گەلانی رۆژهەلات، جەنگی ڤێتنام، ئەزموونی خەباتی ئەو وڵاتانەی ناویان بوو بە بلۆکی سۆسیالیستی هاتووە، ئەزموونی چین، وڵاتانی ئەمریکای لاتین، لەگەڵ ئەو ئەدەبەی لە رۆژانی رووداونی هەردوو جەنگە جیهانییەکە و کاتی جەنگەکان و دوای جەنگەکان لە

دایک بوون، سامانێکی دەوڵەمەندیان لە بواری ئەدەبی بەرەنگاریدا هەیە، ئەگەرچی هەر یەکێک لەو ئەدەبانە جیاوازن و خاسیەتی خاک و نەتەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە تایبەتیش مامەڵەکردنیان لەگەڵ کولتور و زماندا. هەر هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەک ئامانجیان هەبووە. بەڵام ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی کلیشەبەندی شێوە و ناوەڕۆکدا قەتیس بکرێن، چونکە «مادام شێوە و ناوەڕۆک هەیە، واتە دوو شتن، نەک یەک شت»(عبود، الموقف الادبي، ١٩٨٠، ل٥)، کەواتە لەکاتی ئیشکردن لە دەقدا هەست بە جیاوازی یاخود ئاوێتەبوونی هەردووکیان دەکرێت. بۆچوونێک هەیە کە ئەو ئەدەبە بەم شێوەیە دەناسێنێت»جۆرێکە لە دژە هێرشی کولتووری بەرامبەر بە کولتووری داگیرکردن»(ادونیس، ٢٠٠٥، ل١٠٦). پێناسەکان گەلێکجار تێکەڵاو بە ئینتمای حزبی و ئایدیۆلۆجی کراون، هەربۆیە ئەوجۆرە ناسین و پێناسانە تەمەنیان کورت بووە، یاخود چوارچێوەیان سنووردار بووە، ئەمە بەو واتایە نیە، کە ئەدەبی حزبی، ئەدەبێکی مردوو بێت، نەخێر، لێکدانەوە و شیتەڵکارییەکان قووڵ نین و سنووری ئەو ئەدەبەیان بەرتەسک کردۆتەوە.

## شیعری بەرەنگاری کوردی

سەبارەت بە سەرەتاکانی شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا، لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە: «شیعری تێکۆشان یاخود بەرگری ئەوکاتە لەناو ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت، لە کوردستان و ئەو ناوچە کوردییانەی کە ڕووبەڕووی شاڵاوی داگیرکردنی هەمیشەیی ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی دەبوونەوە. ڕەگی ئەم جۆرە شیعرە بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە بۆیە دەتوانرێ هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی بکرێنە بنەما و بناغەی شیعری بەرگری بۆ ڕۆژانی ئەمڕۆشمان»(مەعروف ٢٠٠٣، ل٤١). ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی بەرەنگاری بڕوانین، لە کۆمەڵێک دەقدا کێشەی سیاسی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بنیاتی دەقەکانیان لەسەر دارێژراوە. سەبارەت بە سەرەتاکانی ئاشنابوونی ئەدەبیاتی کوردی بە ئەدەبی بەرەنگارییەوە ناکرێت داستان و لاوکی کوردی فەرامۆش بکرێن، کە فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی لەو ڕووەوە دەوڵەمەندە، پیرەمێرد لە کاتی چاپکردنی چیرۆکی دوانزدە سوارەی مەریوان لەسەر بەرگەکەی ئەم ڕستەیەی نووسیوە «ئەم داستانە نەعرەی ئەو شێرانەیە کە لە بێشەی فەرامۆشیدا خامۆش بوو بوون، (پیر)ی جوانی کردنەوە و هێنایە مەیدان»(حلمی، ١٩٨٨، ل٨٤). بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە لە تێزێکی دکتۆرادا، نزیکەی شەست ساڵ لەمەوبەر نووسراوە:»داستانی پاڵەوانێتی وێنەی گۆڕەپانێک لە گۆڕەپانەکانی خەباتی گەلی کورد دەکێشێت.. داستانە گەورەکان خەباتی خوێناوی گەل دژی داگیرکەران لە سەدەکانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە، یەکێک لەو داستانانەش دوازدەی سوارەی مەریوان-ە، هەروها داستانی قەڵای دمدم بە هەمان شێوە»( رسول، ١٩٦٦، ل٤١-٤٢).

«لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەتەوەی کورد دووچاری دوو دەردی مێژوویی بوو بوو، یەکەمیان وەکو زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لەژێر باری کۆمەڵی چینایەتی دەتلایەوە، دووەمیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێ بەش کرابوو، ئەمەبوو بەهۆی دواکەوتنی لە هەموو بارێکی ژیاندا. شاعیرانی کورد تا ڕادەیێک وەزعی کورد و ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعرا دەربڕییوو، بەمە کارێکی گەورەیان کرد بووە سەر مشتوماڵ کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژینی بەختیارییان بە گەل پیشان دابوو»(خەزنەدار، ١٩٨٤، ل١٢٩). ئەم دوو بۆچوونەش دەبن بە تایبەتمەندی بۆ ئەدەبی بەرەنگاری کوردی «مەیدانێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و زۆر جار بە قووڵییەوە پەیوەست دەبێ بە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بەبەرنامە و پێڕەو، بەڵام پێوەندیی بە خەبات و تێکۆشانی گشتی خەڵکیشەوە هەیە بە مەبەستی ئاراستەکردنی ژیانی خۆیان. ئەم ئەدەبە گەلێکجار بە هەستێکی بەتینی ئیرۆنیا و تێڕوانینێکی ورد لە بابەتەکانی تایبەت بە بوون و کێشەکانی شووناس ڕەنگرێژ دەکرێ. بێجگە لەمەیش، بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری، دوورخرانەوە لە وڵات، تێکشکان، خۆشەویستی و سۆزی نیشتمان، خەسڵەتی ئاسایی ئەم ئەدەبەن. زمانی ئەدەبی بەرەنگاری بەو شێوەیە تەمومژاوی و سەخت و چڕە نییە، کە کەم کەس تێیبگا»(مەلا عەلی، ١٩٩٨، ل٩)، بەڵام ئەگەر خاڵەکان وردتر پوختتر بکرێنەوە، ئەمانە دەبن بە توخمی سەرەکی بۆ ئەدەبی بەرەنگاری کوردی؛ پێشمەرگە، وەک هێمای بەرەنگاری و بەردەوامبوون و کۆڵنەدان. شەهید خوێنی شۆڕش و هێمای قوربانیدان. کوردستان وەک خاک و پارێزگاری لێکردن. ژن، دایک هێمای جۆشدانی خەبات و نیشتمان و خۆشەوستی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەدەبی بەرەنگاری، ئەدەبی هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانیی و سەنگەر پتەوکردن بووە بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکاری و چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی خەڵک و نەتەوە. ئەو ئەدەبە، ئەدەبی سەنگەر و شەڕ و جەنگێکی پیرۆز بووە. بەڵام ژینگەی خەبات و تێکۆشان ئەگەر جیاوازیش نەبن، خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بە تایبەتیش ئەو ئەدەبی بەرەنگارییەی لە شار بڵاودەکرێتەوە، نابێت بە هەمان پێوەر بپێورێت کە لە رۆژنامەگەریی پێشمەرگە لە شاخ و رۆژگاری خەباتی چەکداریدا بڵاودەکرێنەوە، ئەو ئەدەبەی بە نهێنی لە شار و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری و دیکتاتۆری و فاشیەتدا بڵاودەکرێنەوە، بە هێما و ئاماژە دادەپۆشرێن.

## بەشی دووەم

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستاندا

### شیعر

شیعر بەهێزترن شێوەکانی ئەدەبە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو شیعرە لە «رۆژگاری کارەسات و بەرەنگاریدا لە دایک بووبێت(باقری، ١٣٩٧، ل١٢٠)، چونکە ئەو ئەدەبە بەشێکە لە ئەدەبی نیشتمانیی و نەتەوەیی»جمعة، ٢٠٠٩، ل٣٨». هێزی شیعری بەرەنگاری بریتییە گواستنەوەی زمانی شیعر بۆ گوێ و دڵ و دەماودەم کردندا. نووسەرێک پێیوایە کۆنترین شیعری میللی بەرەنگاری لە خاکی ئێستای ئەفغانستان نووسراوە و پاشان لە ناوچەکە بڵاوبۆتەوە، خەڵکی بەلخ شیعرەکەیان نووسیوە و گاڵتە بە میر ئەسەد بن عەبدوڵلا دەکەن کە لە جەنگێکدا شکاوە(چهرقانی، فصلنامه علمي - پژهشی ، ١٣٩٥، ل١٦٧). ئەدەبی میللی گەلان پڕە لە ئەدەبێک کە رەگی لەسەر بەرەنگاری و پارێزگاری لە خاک و میر و دەسەڵات بنیاتنراوە، ئەوجۆرە دەقانە لە رابردوو و ئێستادا شیعری یاخیبوون و شۆڕشن( KENDALL, ٢٠٠٧, p:٢). ئەدەبی کوردیش بەوجۆرە دەقانە دەوڵەمەندە بە تایبەتیش لاوک.

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستان، ئاست و پەیام و ئاراستەی ئەو ئەدەبەمان بۆ دەردەکەوێت؛

شیعری «خەوەبەردینە»:

لە چەشنی گەرووی کەو..

کەوی دۆمی یەخسیری زینداني داری

پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باری،

تەرەی باوەشی تا سەرباری بناری»موهتەدی، ئابی ١٩٨١، ل٣١»

شیعرەکە بە هێما و ئاماژەی جیاواز دەوڵەمەندە، هەمەڕەنگە لە ئاراستە و ئاریشەکانی کۆمەڵگادا، زۆرن ئەوانەی لە خەوەبەردینە دواون، زۆربەیان وەک شیعرێکی سیاسی و حزبی رووت خوێندنەوەیان بۆ کردووە، راستە ئەو رۆژگارە، سیاسەت و ئایدیۆلۆجیای حزبی ئەدەبیاتی ئێرانی داپۆشیبوو، بەڵام ئەم دەقە جیاوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێک نیشانەدا. کەو زیندەوەرێکی دیلە و سەوزایی خەیاڵدانی بردووە. خەوەبەردینە دەقێکی ئاڵۆزە، بەڵام هێما و نیشانەکان، وەک ئایکۆنی بەرەنگاری و مانەوە و ژیان بەرجەستە کراون، با سەیری «نووری خۆر» بکەین، کە دوو وشەن و هەردووکیان نیشانەن بۆ رووناکی و هەتاو و رۆشنایی؛

لەبەر نووری خۆرا، کەمێ کوێرەکانی شەوارەن

زنەی دەم بە هاواری هاری درۆزن هەزاران»موهتەدی، ئابی ١٩٨١، ل٣٤»

«دوو پارچە هۆنراوە»؛ ئەم دوو شیعرە، دەنگی بەرەنگاری رۆژانی بەرەنگاربوونەوەن و ببوون بە سروودی سەر زمانی پێشمەرگە و خەڵک. شەهید ئارام دەبێت بە ئایکۆنی شەهید بوون و بەرەنگاری و رێگای هەتاو:

لە جوانترین کاتی مەرگا،

شاخەکان پڕبوون لە هاوارا!

چی ئەستێرەی،

درەوشاوەی ئاسمانی سەر (قەراخ) هەبوون،

یەکە.. یەکە.. کوژانەوە و،

بەسەر باڵای خەفەتباری تەنگیسەرا. ڕژانەخوار!

ئیدی لەوساوە تا ئێستا،

ئەو تەنانەی،

کە شەوانە تا بەیانی دەسوتێن و خەفەنابن... ئەستێرە نین!!

تکەی خوێنی،

زامی جەستەی.. شاسواری ڕێگای هەتاون!

لە ئاسمانی کەسیرە بووی کوردستانا...

بۆ هەژاران داگیرساون! «کوێستانی، ئاياری ١٩٨٢، ل٥٢»

شاسواری ڕێگای هەتاو، نیشانەیە بۆ ئازایەتی و قارەمانێتی و ڕێبەر و سەرکردەیی، واتە ئەو شەهیدی هەتاو و ڕووناکی و ڕۆشناییە. ئارام نەک دەبێت بە نیشانە بۆ قارەمانێتی، بەڵکو لەوکاتەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات بۆتە ئایکۆنێک بۆ هێمای شەهید و ڕێگای خەبات. ئارام ناوی شاسوار جەلال-ە.

شیعری «کۆچی زاوایەکی نامۆ»؛

خۆ.. تۆ وەکو هەڵۆیەکی هەوار دیدە

لەسەر لووتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی

وەک کۆچەرێکی گەریدە

لەم وڵاتە سەر بە تەمە گەورە ببووی

ڕەنجبەرێکی چاو قایم بووی»کرمانج، ئابی ١٩٨٢، ل٤٦»

لەم وێنەیەدا جەمیل ڕەنجبەر بە هەڵۆ دەچوێنرێت، هەڵۆش هێمایە بۆ بەرزی، ئازادی، هێز. ڕەنجبەریش هەم نیشانەیە بۆ پاشناوی شاعیری شەهید جەمیل ڕەنجبەر، هەم نیشانەیە بۆ ئایدیۆلۆجیای شەهید، کە بەرگریکارێکی سەرسەختی هەژار و ڕەنجبەران بوو. وڵاتی سەر بە تەمیش واتە نیشتمانێکی داگیرکراو و داپۆشراو بە ڕەنگی تەڵخ و ڕەش، هەڵۆ دەبێتە هێمایەکی ئایکۆنی بەرەنگارییە بۆ ژیان و ئازادی.

شیعری «وەرزی ئازار»؛

تۆی عاشقیش لەوەتی هەیت

یەک وەرزیت و لەبەر باڵای یەک ئازارا

گیان ڕائەگریت

ئەی چرای خوێنە سوورەکە

ئەی چینە گیان پۆڵاینەکە

لە سروشتیش گەورەتریت»سەعید، ئابی ١٩٨٢، ل٦٨»

چرا، خوێن، سوور، پۆڵا نیشانەن بۆ کرێکار و چینی چەوساوەکانی جیهان. شاعیر ئەو چینە دەکات بە هێمای وەستانەوە، شۆڕشگێری، کار، بەرهەم، خۆڕاگری، کۆڵنەدان. وەرزەکان دەگۆڕن، بەڵام ئەوی چینە وەک چینێکی ئاسنین لە گۆڕانکارییەکانی سروشت بەهێزتر و گەورەترە. کرێکار هەمیشە هێمای ئایکۆنی بەرەنگاربوونەوەیە دژی چەوساوە و نادادپەروەری.

شیعری «چەند پەنگرێک»؛

بە مانگ بڵێن با زوو هەڵبێ

چونکە قۆناغ دوور و سەختە و

هاوڕێکانم نیازە بەشەو بکەونە ڕێ

دەنا چیتر لە ئاسمانی من هەڵنەیە و

لە خاکی من سەرهەڵگرێ «ڕەفعەت، ئاداری ١٩٨٣، ل٦٢»

شاعیر داوا لە مانگ دەکات، ڕۆشنایی بەو ناوە ببەخشێت، چونکە هاوڕێیەکانی بەشەو ڕێگا دەبڕن تا شوێنپێی خۆیان ببین. پێشمەرگە بە هاوڕێ چوێنراوە. بەفر هێمایە بۆ جوانی، ڕوونی، زستان، ڕووناکی، ساردی، ترس، ڕۆشنبوونەوە، کوردستان.

شیعری «کوچەی مەرگ»؛

چەمی خوێن لە شایی بەفرا ئاگر دەگرێ..

لوتکە ورد ورد دەتوێتەوە

کە بەیانیش ڕاوچییەکان دەکەونە دروێنەی شاخان

هەرچی خوێنە بۆتە مەل و دەنووکیان سوور دەچێتەوە «دەشتی، ئایاری ١٩٨٣، ل٦٥»

وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی نێو سەنگەرەکانی بەرەنگارییە، ڕاوچی نیشانەیە بۆ هێزی داگیرکەر و لەناوبردن و کوشتن و خوێنڕشتن، بەڵام ئەو خوێنەی دەڕژێت، باڵندەکان هان دەدات و تۆڵەی ئەو خوێنڕشتنە بکەنەوە، باڵندەکان ئەوەندە تووڕەن دەنووکیان لە خوێن وەردەدەن بە مەبەستی ڕشتبوون لەسەر تۆڵەکردنەوە. لێرەدا مەل نیشانەی بەرخودان و تۆڵە و ئازادی و پەیامبەرییە.

شیعری «باژێری من»؛

باژێری من بتوز و مژە..

چیرۆکا من

مینا داستانا ستێرا

کاروان کوژە «دهۆکی، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٦»

ئەستێرە و کاروانکوژ دوو نیشانەی جیاواز و دژ بەیەکن. داستانی ئەستێرە، واتە ئەو داستانەی پێشمەرگە لەکاتی هێرش و جەولەدا تۆماریان دەکەن، بەڵام کاروانکوژە نیشانەیە بە هێزێک کە ڕێگرە لەبەردەم ئەو کاروانە، دەکرێت کاروانکوژ هێما و نیشانە بێت بە جاش و سیخوڕ و هێزی دوژمن.

شیعری «دەنگی ئارام»؛

ئەمجارەیان.. نینۆکی هیچ دڕندەیەک

لە لەشمدا ناچەقێنرێ

هیچ وشەیەک، لە گەروما

ناتاسێنرێ

«قانع»ێکم، بە گیانی داگیرساومەوە

هاتوومەوە

بە چەوساوەکانی جیهان شاد ببمەوە

«بێ کەس»ێکم، «بیست و حەوت ساڵە

بەرامبەر گشت «ئەدمۆنزێ»

ئەلێمەوە « بڵێسە، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٤٥»

قانیع شاعیری چەوساوەکانە، بێکەس شاعیری دەنگی ڕاپەڕیوە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران، هەردووکیان هێمان بە دەنگی بەرگری و بەرەنگاری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. ئاماژەدان بە شەهید ئارام و نینۆکی دڕندەکان، واتە ئەو جاشانەی شەهیدیان کرد. هەر سێ وێنەکە ئایکۆنی هاوار و ڕاپەڕین و شەهیدن، لە پێناوی ژیانێکی بەختیار و ئاسوودە بۆ گەل و نیشتمان.

شیعری «بانگ»؛

ئەی هەکارا!

ئەی سەری خوێناویی کوردستان!

من بازووی لەشی تۆم، تەوێڵتم

چاوا! چاوە

گلێنەی ڕاستت بم، چەپت بم

چاوا! چاوە

هەرووکمان دوو باڵی مەلێکین

دوو سەری یەک پردی چەمێکین «جوامێر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٤٩»

بانگ شیعرێکی شێوەدرامای جوامێری شاعیرە، داوای یەکریزی هێزە کوردستانییەکان دەکات، ئەو شیعرە بانگەوازێکە بۆ چوونی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ناوچەکانی بادینان. هەکار نیشانەیە بە کارەساتی هەکاری. دوو باڵی مەل نیشانەیە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

جڵەوی ئەسپەکەی شۆڕشی «حسەین»و

«عەزۆ»تم لێ بگرە «جوامێر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٥١»

حسەین مەبەست لە حسەین و حەسەن- ی شیعەکان نیە، بەڵکو ئاماژەیە بە شەهید حوسێن بابەشێخ، عەزۆ ئاماژەیە بە شەهید ئیبراهیم عەزۆ. حسێن بابەشێخ لە کارەساتی هەکاری شەهید کرا، ئیبراهیم عەزۆ-ش لە کاتی پەڕینەوە لە سنووری سوریا بەرەو باشووری کوردستان شەهید کرا.

ئەوەتا وا گورگی سەر کەوشەن

گورگی بۆر.. گورگی ڕەش

بێ کڵاو، کڵاودار، ریشنیان «جوامێر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٥٣»

گورگ نیشانەیە بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان، ئاماژەدان بە چوار جۆر گورگی جیاواز؛ گورگی ڕەش، گورگی بێ کڵاو، گورگی کڵاودار، گورگی ریشن، هێمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

شیعری «شاعیر»؛

نیوەشەوێک،

ویستیان ئیتر، چاوەکانی، حسەین مەولوود،

تاقە گوڵێکی سورداش و،

چاوەکانی دەستگیرانەکەی نەبینێ!

هەردوو چاویان توند بەستەوە..

نیوەشەوێک،

ویستیان ئیتر، دەستەکانی،

نەتوانن قەڵەم و، تفەنگ هەڵگرنەوە»»باقی، شاعیر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٧٣»

حسەین مەولود (١٩٥٣-١٩٧٩) واتە مەلا عەلی کە لە موسڵ لە سێدارە درا. قەڵەم نیشانەیە بۆ شیعرەکانی مەلا عەلی. تفەنگ نیشانەیە بۆ پێشمەرگە. وێنەکان ئاماژەن بە قارەمانێتی و ئازایەتی. مەلا عەلی ئایکۆنی شیعری بەرەنگاری و قارەمانێتییە.

شیعری «دییم»؛

تۆم ئەبینی

لەسەر کورسیە ڕەشەکە دایان نابووی

بۆ ئەشکەنجە

هەتا بتکەن بەو (من)انەی ڕوو زەردییان لە رووپەڕی

ڕۆژنامە و لە پشت شوشەی تەلەفزیۆن بەسەر ماڵاندا ئەگێڕا»لوقمان، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل١٠٢»

کورسی ڕەش نیشانەیە بۆ زیندان و ئەشکەنجەدان، زیندان قوتابخانەی تاقیکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنە. بۆ شۆڕشگێڕەکان زیندان هێمایەکی ئایکۆنییە بۆ بەرەنگاری و خۆڕاگری.

شیعری «ئاگرە سوورە»؛

من پشکۆیەک لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوێنێ

من دڵۆپێک لەو بارانەم کە دەریایەک بەدی دێنێ

من شەماڵم، ئەو شەماڵەی پڕ لە شنەی بە سۆز و تاو

دەمە و بەهار بەفری داگیرکەری وڵات دەکەم بە ئاو

من ژیلەمۆم، ئەو ژیلەمۆی دوای هەزاران ئاو لێ پڕان

دیسانەوە گڕ دەهاوێم دەیلێمەوە گۆرانی ژیان «نەکەرۆز، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل١٢٣»

ئەم شیعرە، شیعری سەنگەر و ڕێکخستنە نهێنییەکان بوو، وەک سروودیش تۆمار کراوە. پشکۆ، دلۆپ، شەماڵ، بەهار، ژیلەمۆ، گڕ، ڕووناکی کۆمەڵێک نیشانەن بۆ هیوا، ژیان، خەبات، نەسرەوتن، بەرەنگاری. ئەو نیشانە ئایکۆنیانە پەیامی بەرەنگاری دەقێکی ئەدەبین، کە هیوا و کۆڵنەدان و بەردەوامبوون و خۆڕاگری کۆیان دەکاتەوە و داوای شۆڕشێک دەکات ئاگرە سوورەی کوردستانە، واتە دادپەروەری و یەکسانی بەرنامەی بێت بۆ ژیانێکی ئاسوودە و بەختیار.

شیعری «کەڵ»؛

میری شەهیدانی هەولێر

ئەی حەیرانی سووتە مەڕۆی

برین.. بگێڕ

ئەی هاوڕێی بەهرە ڕەنگین

گوڵ خەندەرانی پێکەنین

لە هەواری قەندیلەکەی ناو گیانمانا

سنەوبەری چوار وەرز سەوزی

تۆ.. سروەکەی سەری ڕەشی

تۆ.. ئەنتێنی ئێزگەی شۆڕشی

تۆ بڵندگۆی،

دەنگدانەوەی دڵی ئێمەی

رادیۆی ناو دەستی پێشمەرگەی

ئەو ریکۆردەی هەموو رۆژێ

سروودەکەی..

شۆڕشی نوێمان لێ ئەدەی..

پەیتا.. پەیتا..

ئاگردانی (پشکۆ)ی خۆت و

نەوەی پشکۆی ئەم کوردستانە

خۆش ئەکەی! «جوامێر، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل٨٣»

ئەم وشانە؛ بەهرە رەنگین، سروە، رادیۆ، میری شەهیدان، بڵنگۆ، گوڵ خەندەران، حەیران نیشانەی ئایکۆنین بۆ شەهید عەبدولخالیق مەعروف، شاعیر وەک هونەرمەند و وەستایەکی شارەزا لە چوارچێوەی چەند وێنەیەکدا نیگاری کردوون. ئەو شەهیدە دەکات بە هێمای پشکۆیەک بۆ نەوەی نوێی کوردستان. تا ئێستاش عەبدولخالیق مەعروف هێمای بەرگرییە بۆ دژایەتی لە چەقبەستن و دواکەوتوویی کوردەواری، کە شەهیدیش دەبێت، دەبێت بە هێمای ئایکۆنێکی زیندوو بۆ ناسینی ستەم و دیکتاتۆری و بەردەوام بوون لەسەر خەبات. پشکۆ کە لەنێو کەوانەی داناوە، ئاماژەیە بە کوڕە گەورەی شەهید کە ناوی پشکۆیە.

شیعری «سروودی خاک»؛

رەفیق سابیر ئەم شیعرەی بۆ یەکەمجار بە ناونیشانی «سروودی خاک» لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری نووسەری کوردستان بڵاوکردۆتەوە، پاشان شاعیر ناوەکەی بۆ لاوکی هەڵەبجە گۆڕی، کە دوایی ناوەکەی بۆ لاوکی هەڵەبجە گۆڕی، باڵاترین نموونەی شیعری پێشکەش بە هەڵەبجە کردووە، ئەو شیعرە دەقی وەرزەکانی ساڵە:

بە تەنیا جێی مەهێڵن

ئەمشەو زریان دەیچێنێ

تەم و مژ دایدەپۆشێ

مانگەشەو دەیرفێنێ

گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن

زامەکانی بە شێلان

بە گۆرانی داپۆشن

یان بە سەوزی دارستان «سابیر، ١٩٨٩، ل٨٧»

دەخوازێت گەرووی شەهیدەکان بە گزنگ تەڕ بکرێن، زیندوویتی بە تەرم دەدات و بە چرینی گۆرانی بەسەر بکرێنەوە، ئەمانە هیوان نەک تەسلیم بوون، هەر بەمە ناوەستێت، داوا دەکات، کەژاوەی شەهیدەکان بە گوڵ یان گەڵا داپۆشرێن و شایلۆغانێک بکرێت، با لە خوێن بێت.

با هەڵەبجە دوا سەمفۆنیای ئەم شەوە بێ

با هەڵەبجە پەیامی سووری نەوە بێ

با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و

بریني ئەبەدی روحی نەتەوە بێ

بە هەڵەبجە تا هەتایە

هەڵەبجە بێ و هەڵەبجە بێ و هەڵەبجە بێ «سابیر، ١٩٨٩، ل٩٩»

پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەدەبی بۆنە و ئەدەبی بەرەنگاری بکرێت و هەردووکیان لە ئەدەبی ستایش و پیاهەڵدان جیابکرێنەوە، کە باسی ئایۆنەکانی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردی دەکرێت. رەنگی سوور رەنگێکی گەرمی نێو چوار رەنگە سەرەکییەکەیە، کە هەر یەکێکیان گوزارشتە بۆ شتێک «سوور(خوێن، شەبەق)- تێکۆشان- قوربانیدان و شەهیدبوون. محەمەد، ٢٠٠٧، ل ».

شیعری «کۆست»؛

بەهارە ئەمساڵ، بەهار خەمینە

دەشت و دەر و کێو، سیما خوێنینە

نە «جمە»ی خەڵک، نە «فرە»ی مەلە نە نووزەی ژینە

نە شنەی دار و، هاژەی رووبار و، بزەی کەنینە

هاوارە.. دادە.. گریانە.. شینە

«بەهارە» رۆڵەم بەهار خەمینە

کۆستی هەڵەبجە و مەرگی ئەوینە. ژیلا، پایزی ١٩٨٩، ل١٨٤»

ژیلا لەم شیعرەیدا بە کۆمەڵێک نیشانەی لێکچوو پرسەی بۆ هەڵەبجە داناوە. خەم، خوێن، نووزە، هاوار، مەرگ، کۆست بەو نیشانانە گوزارشت لە مەرگی ئەوینێک دەکات کە ناوی هەڵەبجەیە، ئەگەرچی هەر یەکێک لەو نیشانانە واتایەکی جیاوازی دەلالەتی دەبەخشن، بەڵام لە ئەنجامدا یەک واتا کۆیان دەکاتەوە. لە کۆتایدا بە بەهارەی کچی دەڵێت، کە تازە لە دایک بووە، رۆڵەم بەهارە ئەم بەهارەمان بەهۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەم خەمینە و هەم مەرگی ئەوینە، بەڵام لێرەدا «بەهارە»ی کچی دەبێت بە نیشانەی ژیان و لە دایک بوونەوە. ئەمە و لەنێو هەناوی ئەو نیشانانەدا هەڵەبجە بوو بە هێمایەکی ئایکۆنی جیهانی بۆ تاوان و تاونباران.

شیعری «رێبوار»؛

رێبوارێکم

بە قەد مێژوو،

وەرز و ساڵ و سەدەم دیوە

بە قەد مێژوو،

چقڵی رێگام

لەنێو سنگ و دڵ چەقیوە

بە قەد مێژوو، دێوەزمەی بە سامی رێگا

لە ئاسمانی چاوەکانما

ئەستێرەی گەشی چنیوە!

بە قەد مێژوو

فرمێسکی چاوم سڕیوە «مەلەکشا، ١٩٩٠، ل١٠٧»

رێبوار نیشانەیە بە کەسێکی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و عەوداڵی ئەستێرە و ژیانێکی خۆش. ئەو پێشمەرگەی بە رێبوار چواندووە، چونکە

لەوەتەی مێژوو هەیە نەحەساوەتەوە، بەرامبەر بە چەقڵ و دێوەزمەکان خەبات دەکات، تا ئەستێرەی گەش و ڕۆشن بچنێت. پێشمەرگەش کەسێکی قارەمان و تێکۆشەرە، بۆتە هێمای ئایکۆنی بەرەنگاری بۆ نەتەوەیەک کە خەبات لەپێناوی ئازادی و یەکسانی و رزگاری دەکات.

شیعری «ژ بیر نەکە»؛

گەلەک جاران

توزا پێلاڤێن کارکەری

مەزنترە

ژ مەرجانێن تاجێ سەری « قەرەنی، زستانی ١٩٩١، ل٥٧»

شاعیر بەم وێنەیە بەراورد لەنێوان کرێکار و دەسەڵات دەکات. دوو وێنەی دژ بەیەکی بەرامبەر بە یەک داناون، تۆز و مەرجان. بەڵام بەلای ئەو تۆزێ پێڵاوی کرێکار گەورەترە لە مەرجانی تاجی سەر. تاج نیشانەیە بۆ دەسەڵات. شاعیر پایەیەکی باڵا بە کرێکار دەدات، چونکە دەزانێت کرێکار هێمایەکی ئایکۆنی بەناوبانگە بۆ کار و بەرهەم و یەکسانی و دادپەروەری و کۆمەڵگایەکی بەختیار و ئاسوودە.

ئەنجام

- ئەمە یەکەمین کاری زانستییە لەسەر گۆڤاری نووسەری کوردستان کرابێت، کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە شاخ دەرچووە.

- لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی ئایکۆن هەر تەنیا لە تابلۆی ئاینی و نیگاری پیرۆزی کڵێسەکان قەتیس نەکراوە، بەڵکو وەک ئاماژە و هێما لەسەر دەقی شیعری پراکتیزەکراوە.

- ڕەگی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا، مێژوویێکی دێرینی هەیە بەتایبەتیش لە بواری فۆلکلۆردا، لە فۆلکلۆریش لە لاوکدا، لەو ڕووەوە ئەدەبەکەمان خاوەنی چەندان دەقی باڵایە.

- ئەگەرچی ئاووهەوای نووسین و بڵاوکردنەوە لە چاپەمەنییەکانی شاخدا، لەگەڵ بڵاوکردنەوە لە شار و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا جیاوازە، بەڵام دەقەکان نە شیعریەتیان لە دەستداوە، نە ئاستی هونەری.

- شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە دەوڵەمەندە بە ئایکۆنەکانی بەرەنگاری، لەم توێژنەوەیەدا هەڵوەستە تەنیا لەسەر چەند دەقێک کراوە، ئەگەرنا گۆڤاری نووسەری کوردستان لەو بوارەدا زۆر دەوڵەمەندە.

- ئەو نیشانە ئایکۆنییانەی لەم توێژنەوەیەدا وەک دەرئەنجام درکیان پێکراوە بریتین لە؛ پێشمەرگە، شەهید، زیندان، ژن، خێزان... هتد، کە هەر یەکێکیان بە نیشانە و هێمای جیاواز لە دەقە شیعرییەکاندا تەوزیفکراون.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی


ئیبراهیمی، عەبدوڵلا(٢٠١٢)، کاوە فەرهەنگی فارسی-کوردی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

بیمار، عەبدولرەزاق (٢٠١٧)، لە سێبەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، چاپی یەکەم، چاپ ناوەندی ڕێنوێن، ناوی چاپخانە نیە.

حلمی، ڕەفیق (١٩٨٨)، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، لەسەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر

خەزنەدار، مارف(د) (١٩٨٤)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی زنجیرە ٤، چاپخانەی الموسسة العراقیة للدعایة و الطباعة، بەغدا

خاڵ، محەمەد(٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

زەبیحی، عەبدولرەحمان (١٣٤٧)، قاموسی زبانی كوردی، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی كوردی (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی)، ئیران

زیوەر، مەحمود(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زیوەر، كوردی- عەرەبی، لە كتێبە چاپكراوەكانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی

قەزاز، شەفیق (د) (٢٠٠٠)، فەرهەنگی شارەزوور، كوردی- ئینگلیزی، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر

كاویان، فەتاح(٢٠٠٠)، حەوتەوانە، فەرهەنگی ئینگلیزی-كوردی- فارسی، لە چاپكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی

مەعروف، كەمال(د)(٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی كلاسیكی و نوێخوازی كوردی، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوكردنەوە، سلێمانی

موكریانی، گیو(٢٥٧٣, ١٩٦١)، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگێكی قوتابخانەیی كوردی و آرەویی یە، چاپی یەكەمین، چاپخانەی كوردستان، هەولێر

هەژار(١٣٦٨)، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ كوردی- فارسی، ئ‌ تا س، چاپ اول، سروش تهران

## كتێب بە زمانی عەرەبی

ادونيس(٢٠٠٥)، زمن الشعر، دار الساقي للنشر و التوزيع، بلا

ارون، پول- جاك، دينيس سان(٢٠١٢)، الان ڤيالا، معجم المصطحات الادبية، الطبعة الاولى، ترجمة: محمد حمود(دكتور)، من منشورات الموسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت

اولمان، سيفان(١٩٦٩)، دور الكلمة في اللغة، طبعة الثانية، ت: كمال بشر، من منشورات مكتبة الشباب، مصر، القاهرة

فديح، عبدالقادر(١٩٩٣)، دلائلية النص الادبي، ديوان المطبوعات الجامعة وهران، تونس

رسول، عزالدين مصطفى( د) (١٩٦٦)، الواقعية في الادب الكردي، منشورات دار المكتبة العصرية، صيدا- بيروت

شوكري، غالي(بلا)، ادب المقاومة، من منشورات مكتبة الدراسات الادبية، دار المعارف بمصر، بلا

كنفاني، غسان(١٩٦٨)، الادب الفلسطيني المقاوم تحت الاحتلال١٩٤٨-١٩٦٨، الطبعة الاولى، من منشورات موسسة الدراسات الفلسطينية، سلسلة الدراسات ، بيروت

لويس، معلوف(١٩٩٦)، المنجد في اللغة، الطبعة الخامسة و الثلاثون، بيروت

## كتێب بە زمانی فارسی

عميد، حسن(١٣٧٧)، فرهنگ فارسی عميد، موسسهء انتشارات امير كبير، تهران

## كتێب بە زمانی ئینگلیزی

Aron, Paul(2002), Le Dictionnaire du Litterature, Ed Puf, Paris

Martenet ,Jean(1975), CLEFS Pour LA SEMIOLOGIE. Paris: Edition

Oxford University Press(2000), Oxford Advanced Learners Dicitonary, Sixth edition

Reg , Alain(200٥), Dictionnaise culturel en langue francaise , Ed. Dictionnaise le Robert Paris

**گۆڤاری کاغەزی و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بە زمانی جیاواز**

١٢ ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستان ١٩٨١-١٩٩١

زانیاری (گۆڤار) بەغدا، ژمارە ٣، ١٩٧١

الهلال (مجلة) مصر، العدد ١٥٢٣، يناير ٢٠٢٠

الموقف الادبي(مجلة)، العدد ١٩، ديمشق، ايار ١٩٨٠

كعوان محمد (دكتور)، الرمز و العلامة و الاشارة المفاهيم ، الملتقى الاوطني الرابع «السيمياء و النص الادبي

نقد ساختارى روايت در داستانهاى ادبيات مقاومت ايران مولف: دكتر حسنزاده ميرعلى - على ششتمدى ويراستار علمى: مهدى احمدى لفوركى نوبت چاپ: اول-١

https://www.localprayers.com/GR/Athens

https://www.vocabulary.com/dictionary/iconhttps://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/iconography https://monoskop.org/Vladimir_Lossky